# خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا دەفەرموێت: ئەی نەوەی ئادەم، نەخۆش بووم بەڵام سەردانی منت نەکرد

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا دەفەرموێت: «ئەی نەوەی ئادەم، نەخۆش بووم بەڵام سەردانی منت نەکرد! بەندەکە دەڵێت: ئەی پەروەردگار، چۆن سەردانت بکەم وتۆ پەروەردگار هەموو بوونەوەرەکانی!؟، پەروەردگار دەفەرموێت: ئایا نەتزانی کە فڵان بەندەم نەخۆش بوو بەڵام سەردانیت نەکرد! ئایا نەتزانی ئەگەر سەردانیت بکردایە ئەوا من لەوێ بووم! ئەی نەوەی ئادەم، داوای خواردنم لێت کرد کەچی خواردنت پێم نەبەخشی! بەندەکە دەڵێت: چۆن خواردنت پێببەخشم وتۆ پەروەردگاری هەموو بوونەوەرەکانی! پەروەردگار دەفەرموێت: ئایا نەتزانی فڵان بەندەم داوای خواردنت لێت کرد بەڵام پێت نەبەخشی! ئایا نەتزانی ئەگەر پێت ببەخشیایە؛ ئەوا پاداشتی ئەو بەخشینەت لە لای من وەردەگرت! ئەی نەوەی ئادەم، داوای ئاوم لێت کرد کەچی ئاوت پێم نەبەخشی! بەندەکە دەڵێت: چۆن ئاوت پێببەخشم وتۆ پەروەردگاری هەموو بوونەوەرەکانی! پەروەردگار دەفەرموێت: ئایا نەتزانی فڵان بەندەم داوای ئاوی لێت کرد (تینوو بوو) لێت کرد بەڵام پێت نەبەخشی! ئایا نەتزانی ئەگەر پێت ببەخشیایە؛ ئەوا پاداشتی ئەو بەخشینەت لە لای من وەردەگرت!».

[صەحیحە] [موسلیم گێراویەتیەوە]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: (ئەی نەوەی ئادەم، نەخۆش بووم بەڵام سەردانی منت نەکرد! بەندەکە دەڵێت: ئەی پەروەردگار، چۆن سەردانت بکەم وتۆ پەروەردگار هەموو بوونەوەرەکانی!؟) واتە ئەی خودا تۆ بێ پێویستیت لە سەردانیکردنی من چۆن سەردانت بکەم!، (پەروەردگار دەفەرموێت: ئایا نەتزانی کە فڵان بەندەم نەخۆش بوو بەڵام سەردانیت نەکرد! ئایا نەتزانی ئەگەر سەردانیت بکردایە ئەوا من لەوێ بووم!) هیچ ئاڵۆزیەک نیە لە تێگەیشتنی ئەم بەشەی فەرموودەکە وبەهەمان شێوە بەشەکانی تریش کە هاوشێوەی ئەمەیە کە پەروەردگار دەفەرموێت: (نەخۆش بووم سەردانی منت نەکرد!) چونکە مەحاڵە خودا نەخۆش بێت، نەخۆش بوون نیشانەی لاوازیە، وخودای بەرز ومەزن دوورە لە هەموو کوموکورتی ولاوازییەک. مەبەستی (نەخۆش بوون)ی ئەولیا وبەندەی چاکی خودایە کە نەخۆش بووە، بۆیە پەروەردگار فەرمووی: (ئایا نەتزانی ئەگەر سەردانیت بکردایە ئەوا من لەوێ بووم!) ونەیفەرموو: (پاداشتی ئەو سەردان کردنەتم پێدەبەخشی) هەروەکو لە بەخشینی خواردن وئاو فەرموویەتی. ئەم بەشەی فەرموودەکە نیشانەی نزیک بوونی مرۆڤی نەخۆشە لە پەروەردگارە، بۆیە زانایان دەڵێن: مرۆڤی نەخۆش زۆر نزیکە لەوەی نزاکانی وەڵامبدرێتەوە جا ئەگەر نزا بۆ کەسێک بکات یان نزا لە دژی کەسێک بکات. کاتێک پەروەردگار دەفەرموێت: (ئەی نەوەی ئادەم، داوای خواردنم لێت کرد کەچی خواردنت پێم نەبەخشی!) وەکو زانراوە خودا داوای خواردن ناکات، چونکە دەفەرموێت: {وَهُوَ يُطْعِمُ وَلَا يُطْعَمُ}[الأنعام: 14]، واتە: {هەر خوای گەورەیە ڕزق و ڕۆزی بە بەندەکان دەبەخشێت کە بخۆن بەڵام ئەو بێ پێویستە لە خواردن وهیچ شتێك ناخوات و پێویستی بە خواردن نیە}، ئەو زاتە دەوڵەمەندە وبێ پێویستە لە خواردن وخواردنەوە، بەڵام بەندەیەک لە بەندەکانی خودا برسی بوو بەڵام بەندەکەی تری کە توانای هەبوو پێی زانی وپێی نەبەخشی، خوای گەورە دەفەرموێت: (ئایا نەتزانی ئەگەر پێت ببەخشیایە؛ ئەوا پاداشتی ئەو بەخشینەت لە لای من وەردەگرت) واتە پاداشتی ئەو بەخشینەت لای من وەردەگرت وەکو خەزێنەیەک بۆت لە بەهەشتدا، وچاکەیش بە دە ئەوەندەیە هەتا حەوت سەد ئەوەندەیە هەتا چەند جارێکی زیاتریش کە خودا بیەوێت. ودەفەرموێت: (ئەی نەوەی ئادەم، داوای ئاوم لێت کرد کەچی ئاوت پێم نەبەخشی! بەندەکە دەڵێت: چۆن ئاوت پێببەخشم وتۆ پەروەردگاری هەموو بوونەوەرەکانی!) واتە پێویستیت بە خواردن وخواردنەوە نیە، پەروەردگار دەفەرموێت: (ئایا نەتزانی فڵان بەندەم داوای ئاوی لێت کرد (تینوو بوو) لێت کرد بەڵام پێت نەبەخشی! ئایا نەتزانی ئەگەر پێت ببەخشیایە؛ ئەوا پاداشتی ئەو بەخشینەت لە لای من وەردەگرت!) ئەگەر کەسێک داوای ئاو یان هەر

خواردنەوەیەکی تری حەڵاڵی لێت کرد ئەگەر پێی ببەخشیت لە پێناو خوای گەورە ئەوا خوای گەورە پاداشتت دەداتەوە لە قیامەت وچاکەیش بە دە ئەوەندەیە هەتا چەند جارێکی زیاتر کە خودا بیەوێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5544